# دوكتۆر فەرەیدون قەفتان

**بنەماڵەی قەفتان یەكێكە لە بنەماڵە ناودارەكانی سلێمانی كە چەندین كەسایەتی تیا هەڵكەوتووە و هەردەم لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری ومێژووی نەتەوەكەماندا بوون، لە وێنەی: مێژوونووس ساڵح قەفتان، نووسەر و مێژوونووس د.كاوس قەفتان، هوشیار قەفتان، د. فازیل قەفتان و د.فەرەیدون قەفتان و ...**



**"د.فەرەیدون قەفتان" وەك پزیشكێكی پسپۆڕ و شارەزا بەردەوام و بێ وچان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە و وێڕای كارەكەی چەندین ڕاژەی بە زمانی كوردی كردووە لە بواری نووسین، گۆڤار، وشە و فەرهەنگی زانستی پزیشكیی دا.**

**لە** ١٩٥٠/٥/٢٩ **دا لە شاری سلێمانی لە گەڕەكی سەرشەقام لەدایكبووە.**

**كوڕی خوالێخۆشبوو (محمدی حاجی عەزیزی قەفتان) ە ، كە خاوەنی چاپخانەی كامەرانی بووە.**

**چاپخانەی كامەرانی بۆ ماوەی** ٥٠ **ساڵ لە** (١٩٥٧-٢٠٠٧) **لە شاری سلێمانی بەردەوام لە خزمەتی چاپەمەنی و ڕۆشنبیری دا بووە.**

## * قۆناغەكانی خوێندنی:

- **ساڵی** ١٩٦٣ **خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی خالیدیە تەواوكردووە**
- **ساڵی** ١٩٦٨ **ناوەندی و ئامادەیی لە ئامادەیی سلێمانی تەواو كردووە**
- **ساڵی** ١٩٧٥ **لە كۆلیجی پزیشكیی زانكۆی موصل دەرچووە**

## * باری خێزانی:

- **ساڵی** ١٩٧٩ **خێزانی لەگەڵ خاتوو مەهاباد محەمەد ڕەشید تۆفیق قەفتان پێكهێناوە.**
- **كچێك و دوو كوڕی هەیە: ئالاّ** ١٩٨٢ ، **ئاری** ١٩٨٦ ، **ئاكۆ** ١٩٩٢

* **قۆناغەکانی کار و ئەزمـون :**

- **ساڵی ١٩٧٥ لە سلێمانی موقیم و سەرۆکی دکتۆرە موقیمەکان بووە**
- **ساڵی ١٩٧٦ بۆماوەی کەمتر لە یەك ساڵ لە خزمەتی سەربازیدا بووە**
- **دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ پزیشکی پلەبەندبووە**
- **بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی بووە لە ناحیەی سەید صادقی سەر بە شاری سلێمانی**
- **پاشتر بۆ ماوەی دوو ساڵ موقیم ئەقدەم بووە لە "مدینة الطب" لە بەغداد لە نەخۆشییەکانی پێستدا**
- **ساڵی ١٩٨٣ بڕوانامەی دبلۆمی لە نەخۆشییەکانی پێستدا لە زانکۆی لەندەن لە بریتانیا بەدەستهێناوە.**
- **بەدرێژایی ساڵەکانی ١٩٨٤و تا کۆتایی هەشتاکان یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکاری بووە لە سلێمانی.**
- **پاشتر شان بە شانی کارەکانی وەکو پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست بووە بە بەڕێوەبەری کاروباری هونەریی لە سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە (بۆ جێبەجێکردنی سیستمی یەکە پزیشکییەکانی ناو نەخۆشخانەکان).**
- **دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد، بووە بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی لە سلێمانی "لەکاتی نەبوونی مووچە و نەبوونی هیچ توانایەك بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە" ، تا ساڵی ١٩٩٦**
- **لە هەمان ساڵدا ڕاژەکەی گواستۆتەوە بۆ کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی و تاکە مامۆستای نەخۆشییەکانی پێست بووە.**
- **لە هەمان ساڵیشدا کراوە بە یاریدەدەری ڕاگری کۆلێجەکە و تا ساڵی ٢٠٠٧ لەم پۆستەدا ماوەتەوە.**
- **پاشتر لە سەر داوای خۆی پۆستەکەی بۆ هاوەڵێکی تر بەجێهێشتووە.**
- **لەساڵی ٢٠٠٥ دا جگە لە دبلۆمەکەی بەریتانیای بڕوانامەی ماجستێریشی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.**
- **بە درێژایی ساڵانی لە زانکۆدا ڕۆڵی بەرچاو و ستراتیجی هەبووە لە ڕێکخستنی کاروبارە زانستی و کارگێڕییەکان بۆ پێشخستنی کۆلێج و بەدەستهێنانی ناسنامە بۆ کۆلێج لەلایەن (بریتیش میدیکاڵ کاونسڵ) و هێنانی مامۆستایانی کورد لە بریتانیاوە لەڕێی(ڕێکخراوی شیك)ەوە بۆ بەشداری لە یەکەم تاقیکردنەوە کۆتاییەکەی قۆناغی شەشەمی کۆلێج لە ساڵی ١٩٩٨ و ساڵانی دواتریشدا.**
- **سەرکەوتووانە سەرپەرشتیکردنی چوار خوێندکاری خوێندنی باڵای لە نەخۆشییەکانی پێستدا لە زانکۆ کردووە.**
- **ئەندامی کۆمەڵە (جمعیە) ی نەخۆشییەکانی پێستی عێراقی یە.**
- **بەشداری لە زۆربەی زۆری کۆنگرە کارگێڕی و زانستییەکانی عێراقی و جیهانیدا کردووە.**
- **ئەندامە لە کۆمەڵەی نەهێشتنی نەخۆشییەکانی سنگ.**
- **چەندین نووسراوی سوپاسنامەی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و زانکۆی سلێمانییەوە ئاڕاستەکراوە.**
- **هەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە توندکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دکتۆرەکان.**

* **بەشداری لەم کۆنگرە زانستییـانە و خوولی ڕاهێنـانەدا کردوووە:**

- خوولی ڕاهێنان بۆ ماوەی سێ هەفتە لەسەر بەکارهێنانی ئامێری پوڤا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست لە (هلسنکی و تامپرا) لە ولاّتی "فنلەندا" لە ساڵی ١٩٨٠.
- کۆنگرەی زانستیی پزیشکیی جیهانی بۆ نەخۆشییەکانی پێست لە (شاری کان) لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨٥ دا
- بەشداری کردووە لە خوولی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان و پلاندان بۆ ماوەی سێ هەفتە لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە (واشنتۆن دی سی پایتەختی ئەمەریکا) و ویلایەتی تێنیسی.

*** چالاکی ڕۆشنبیری:**

- وەك سەرنووسەری دوو ژمارەی گۆڤاری پزیشکیی کۆلێج (جەی ئێس ئێم سی) سەرکەوتووانە کاری کردووەو توانیوویەتی بۆ یەکەم جار لە زانکۆدا شەش ژمارە لە ڕۆژنامەی (سەن) واتە ڕۆژنامەی زانکۆی سلێمانی بە زمانی ئینگلیزی دەربکات و لە پەیجی زانکۆدا ژمارەیەکی زۆر خوێنەری هەبوو.
- ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە دەرچوونی ژمارەی یەکەمی (گۆڤاری ئەکادیمی) کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستاندا
- سەرنووسەری ژمارە یەك و دووی (گۆڤاری پزیشکیی) سەندیکای پزیشکانی کوردستان لە سالأنی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ لە سلێمانی بووە.
- جێگری سەرنووسەری ژمارە سێی (گۆڤاری پزیشکیی نوێی) هەمان سەندیکا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری ڕازیانە (ی پزیشکی) بووە ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤

* ئارەزووی لە خوێندنەوەو نووسین و چاپکردن و وەرزش هەیە.

* ئەو کتێبانەی کە سەرنجیان ڕاکێشاوە لە هەموویان زیاتر کتێبەکانی:

- (زمانی یەکگرتووی کوردی) ی بەڕێز دکتور جەمال نەبەز
- ( تێڕێزا پاتێستا)
- (کتێبی ساڵی٢٠٠٠)
- (تحطم الطائرات عند الفجر) کە باسی جەنگەکەی ئیسرائیل و عەرەب دەکات لە ساڵی ١٩٦٧ دا و چۆن جوولەکە لەو جەنگەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

* **خولیای یەکگرتووکردنی زمانی کوردی و کردنی بە شێوەی لاتینی یە**، لە پێناو گەیاندنی بە ئاستی زمانە جیهانی و زانستییەکاندا.



**وێنەی خەڵاتکردنی فەرەیدون قەفتان / ساڵی ١٩٦٢**

**ساڵی (١٩٦٢) لە قۆناغی پێنجەمی قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی بەهۆی ئەوەی کە پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو لە لایەن بەڕێوەبەری پەروەردە مامۆستا (موسا صەمەد)ەوە بە پێدانی سەعاتێك خەڵاتکرا.**

**خەڵاتکردنەکە بە ئامادەبوونی:**

- **(لەچەپی مامۆستا موساوە) بەڕێوەبەری قوتابخانەی خالدیەی سەرەتایی مامۆستا مەجید سەعید دزکوژ**
- **ئیمام تابوری ئەو کاتە** عبدالرحمن المحدث **(مێزەر بە سەرەکە)**
- **مامۆستا عبدالله میدیا.**

## * ئەو کتێب و نامیلکانەی کە دەریکردوون ئەمانەن:

- **ڕۆژژمێری سەرکەوتن بۆ ساڵی ١٩٩٤**
- **ڕۆژژمێری نەورۆز بۆ ساڵی ١٩٩٤ بە شێوەی کوردی لاتینی.**
- **ڕۆژژمێری نەورۆز بۆ ساڵی ٢٠٢١ بە شێوەی کوردی لاتینی.**
- **فەرهەنگی پزیشکی بە زمانی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی، بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پزیشکیی ساڵی ٢٠١٢**
- **کتێبی ڕەوشتی پزیشکی ساڵی ٢٠٠٤**
- **بە دەیان نووسین، بەتایبەتی لە سەر نەخۆشییەکانی پێست لە گۆڤارە پزیشکییەکان و گۆڤاری سەردەم بەشداری کردووە.**

فەرەیدون محمد عزیز قەفتان

ساڵی یەکەم

## ڕۆژ ژمێری سەرکەوتن

٢٦٩٣-٢٦٩٤ کوردی

VICTORY DIARY

KURDISH DIARY

1994 زایینی

١٤١٤-١٤١٥ کۆچی

لە بڵاوکراوەکانی

چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن

*Roj jmêrî*

## NEWROZ

Be Rênûsî Kurdî Latînî

2721 î Kurdî

2021 – 2022 ( Zayînî )

Přojey Qeftan

ROJ JİMÊRY

## NEWROZ

BE KURDY LATÎNÎ

KE BE SERY SAÎY


KURDÎ DEST PÊ


DEKAT

SAÎY YEKEM

2694 Y KURDÎ

1994–1995 Y ZAYÎNÎ










**ئامادەکردنی: مەریوان قەفتان**